شانێکی لقی کۆیەی یەکیەتیی ژنانی کوردستان سەردانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد

سەرلە بەیانیی رۆژی پێج شەممە رێکەوتی 3ی رێبەندانی 1387ی هەتاوی شاندێکی لقی کۆیەی یەکیەتیی ژنانی کوردستان، بە سەرپەرەستی خاتوو چیمەن رەفیق عەبدوالکەریم، بەرپرسی لقی کۆیەی یەکیەتیی ژنانی کوردستانو بە هاورێیەتیی کوردستان سەعید سالح، بەرپرسی بەشی ئیداریو نەزیفە حەمەد عەزیز، بەرپرسی بەشی رێکخستنی رێکخراوی ناوبراو، سەردانی بنکەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

شاندی مێوان لە لایەن هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان بە سەرۆکایەتیی بەرێز هێرۆ جلدیانی بەرپرسی گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

لە سەرەتای دانیشتنەکەدا خاتوو چیمەن لەسەر بارودۆخی ژیانی ژنانو ئەو کێشەو ئاستەنگانەی کە بەردەم ژنانی کورد لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەیە بە تێروتەسەلی قسەی کرد، هەروەها ناوبراو تیشکی خستە سەر دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتیەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستانو کاریگەرییان لەسەر ژیانی ژنان بە تایبەت لە باشووری کوردستاندا.

پاشان هێرۆ جلدیانی هەڵوێستو بۆچوونەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەسەر رەشو بارودۆخی بزوتنەوەی ژنان بەگشتیو بە تایبەت لە کوردستاندا شی کردەوەو باسی دواین رەوشی بزوتنەوە ژنانی کورد لە کوردستانی ئێرانی کرد.

لە کۆتایی ئەم دیدارەدا هەر دوو لایەن لەسەر پێوەندی پتوو بەردەوامی هەر دوو رێکخراو پێداگیرییان کردو هاوپێوندی و هاوخەباتی هێزو رێکخراوەکانی داکۆکیکەری مافی ژنان لە پێناو دەستەبەر بوونی مافو ئازادییەکانی ژنانو بە هێز بوونی بزووتنەوە ژنان لە کوردستاندا بە پێویستییەکی گرینگیان زانی.